## نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان (١٠)

ئەگەر پێمانوابێت ، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین ، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. هەروەها ئەگەر پێمانوابێت ، ئەو سیستەمی رێکخستنەی کۆمەڵگە ، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین ، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە ، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات ، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە ، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دایگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین ، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربوویندا دەبێت ، بەبێ ئەوە ، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

هەژێن

### بەشی دەهەم

**شتێك کە لای من پرسیار دروستدەکات ، خەیاڵیبوونی ئایدیاکانتانە ، ئاخر ئەم دونیایە چۆن بەبێ دەسەڵات و رێکخستن بەرێوە دەچێت ، ئایا بیرتان لەو بەربەریەتە کرودووەتەوە کە لە غیابی دەسەڵاتدا ڕوو دەدات ؟**

با لە کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەستپێبکەم ، بەڵێ ئەگەر لەم چرکەدا و هەر ئەم ساتە کە تۆ پرسیارت تێدا کردووە ، کۆمەڵگە بە پێکهاتەکانی و مرۆڤە لەخۆ نامۆکانییەوە بگوێزیتەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد [ئەنارکی]، وێرانە و بێسەرەوبەرەیییەك ڕوودەدات ، هەر مەپرسە [بێسەرەوبەرەیی نەك "بەربەریەت"]. ئینجا با کەمێك لەسەر ئەم واژە شیرینکراوەی دەمی چەپەکان بووەستم ، "بەربەرییەت" کە وەك چەمك و واتا کراوەتە پێوەری دڕندەیی ؛ پێوەرێکی زۆر ستەمکارانەیە و سەرچاوەیەکی نەژادپەرستانەی هەیە ، کە بەکاربەرانی ؛ ئەوروپییە باڵادەستەکان و پێش ئەوانیش خێڵە باڵادەستەکان بۆ پەسەندی دەسەڵات و زۆرەملێیی و ڕەوایەتیدان بە دڕندایەتی خۆیان بەرامبەر بەرەنگاریی "بەربەر"ەکان ، وەك دەسەڵاتی زاڵ و دەنگی زاڵ (فەرهەنگی زاڵ)، لەنێو زمانەکانیاندا بە سەری ڕمەکانیان شوێنیانکردووەتەوە ، هەروەك ئەوەی کە لە بیرکردنەوە و فەرهەنگی فاشیستە تورکەکاندا بەرهەڵستکاریی کوردەکان کراوەتە سیمبولی کێوییبوون و نەزانی و پلەخوارییان لە بەراورد بە تورکزمانەکان!

ئازیزم ، پێت چۆنە کەسێك بێت و لە جیاتی واژەی نامرۆڤانەی "بەربەریەت" ، واژەگەلی "کوردیەت" یا "مارکسیەت" یا "ئیسلامییەت" یا "پیاوەتییەت" و "ژنایەتییەت" بەکاربەرێت ؟ بەبۆچوونی من کاتی ئەوە هاتووە چەپەکان ، کەمێك لەو واژانە و دەستەواژانەی کە بوونەتە بنیشتەخۆشەی نێو دەمیان ، وردبینەوە و مێشکیان لە تەپوتۆزی پەرتووکخانە و مۆزەخانەکانی ئەوروپا پاکبکەنەوە. دەبێت چی لەوە ستەمکارانەتر و دڕندانەتر بێت ، کە مرۆڤێك بەناوی ئازادیخوازی و سۆشیالیستبوونەوە بێت و بنێشتی هەڵبزرکاوی دەمی مرۆڤە باڵادەستە دڕندەکانی ١٤ تا ٢٠ سەدە پێشتر بجوێتەوە؟ ئایا لەو بارەوە هەست بە هاوبەشی لەو تاوانە نەژادپەرشتانەیەی ، کە بەرامبەر ئێتنیی "بەربەر"ەکان کراوە و بە سەدەکاندا درێژبووەتەوە ، ناکەیت؟ ئایا هەر ئێستا و لە دەوروبەرماندا ، لە دونیای دیمۆکراتی درۆینەی نیئۆلیبراڵەکاندا، لە دونیای کریستە ژن سوتێنەر و ملپەڕێنەکاندا، لە سایەی پەیامەکانی یەهوودا و موحەمەد دا، لە مێژووی بزاڤی چەکداری کورددا، لە مێژووی دەسەڵاتداری مارکسیستەکاندا، هەزاران نموونەی شایستە و گونجاو بۆ پێوەری دڕندایەتی ئەوپەڕی ڕادە بەدیناکرێن، یا ئەوەتا ئایدیۆلۆجیا چاوی کوێر و زمانی لاڵ و گوێی کەڕ کردووین ؟

ئینجا ئەزیزم ، ئەوەندەی من بزانم ئەنارکیستەکان بەڵێنی سەرخەرمان و کولیچەخوارن لە ئاسمانیان بەکەس نەداوە و پێیانوانییە، ئەگەر دەسەڵات لە دەستی ئەوانیشدا [ئەنارکییەکاندا] بێت ، لەوەی ئێستا باشتر بێت و هەروەها بە بۆچوونی من، ئەگەر مرۆڤەکان بەو دەفکرتنەی ئێستاوە، شوانەیی خۆیان بەکەسانی دیکە [تەنانەت بە خودی ئەنارکیستەکانیش] بسپێرن ، ئەوا نادادپەوەری تۆزقاڵێك لەوەی ئێستا کەمتر نابێت، [هەروەك لە ڕاپەڕینی ١٩١٧ی ڕوسیەدا، لە ڕاپەڕینی ١٩٧٩ی ئێراندا دیتمان]، جێگرەوەکان ستەمکارتر و دڕەندەتر دەبن. ئەوەش تەنیا لەبەر یەك هۆی سادە و ئاشکرا ؛ دەسەڵات ئامرازی سەرکوتە نەك ئامرازی بەدیهێنانی دادپەروەری. بۆ کەسێك کە خۆی بە شەیدای دادپەروەری ، ئازادی ، یەکسانی بزانێت ، با لە دەرەوەی دەسەڵات و لە دەرەوەی ئایدیاکانی دەسەڵاتخوازییەوە بۆ ئەو ئامانجانە بگەڕێت ، بە ئاسانی لەم سەلمێندراوانە تێدەگات. ئایا هەزار و ملیۆن بار بوونەوەی ئەزموونەکانی بێهوودەیی گۆڕینی ئەم ڕابەر بەو ڕابەر ، ئەم شێوە دەسەڵات بەو شێوە لە دەسەڵاتداریی ، ئەم سەرکۆکۆمار بەو سەرککۆمار ، ئەم پارت بەو پارت، بەس نین بۆ ئەوەی تاوێك لە خۆمان و مێژوو و بیرکردنەوەمان ڕابمێنین ؟

وەك گوتم، تا ئەوەندە من بزانم و تا ئەوێندەریش کە من باوەڕم پێییەتی و بۆی دەچم، ئەنارکیستەکان پایەکانی کۆمەڵگەی نوێ لە دەروونی ئەم کۆمەڵگەیەدا بنیاتدەنێن و پێیانوایە هەروەك پایەکانی سەرمایەداری و ڕەتکەرەوەکانی فیئۆدالیزم (دەرەبەگایەتی) لەنێو خودی دەرەبەگایەتیدا سەریانهەڵداوە و پەرەیانسەندووە و شەقیان بە سیستەمەکەی بردووە، ڕەتکەرەوە و وێرانگەری ئەم سیستەمەش لە هەناوی خۆیدا لەدایکدەبێت و پێویستە لەم ڕۆژگارەدا پایەکانی ڕۆبنرێن. هەر ئەمەش ئەنارکییەکان بەو بۆچوونە دەگەیێنێت ، کە ڕێکخراوە جەماوەرییە خەباتکارەکان [چ کۆمیتەی کارخانەکان، چ سۆڤییەتەکان، چ هەرەوەزییەکان، چ سەندیکا و یەکێتییەکان، ئەوانەی کە پاشکۆی دەسەڵات و پارتە ڕامیارییەکان نین و سەربەخۆیی چینایەتی و ڕامیاریی خۆیان دەپارێزن] تەنیا ئامرازی بەدەستهێنانی چەند دۆلارێك کرێی زیاتر و کەمکردنەوەی چەند خولەکێك [دەقیقەیەك] ماوەی کار نین ، بەڵکو فێرگەی هوشیاربوونەوە و پەروەردەبوونی مرۆڤی نوێن ، ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی نوێن ، هەر ئەم ڕۆژ و لەنێو ئەو ئۆرگانانەدا ڕەتکردنەوەی سیستەمی چینایەتی هەنگاوی بۆ دەنرێت و دەبێتە بەشێك لە بیرکردنەوە و کار و چالاکی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامەکانی. من دەزانم دەرکی ئەمە بۆ کەسێك کە ئەندامی ڕێکخراوێکی ڕامیاریی بێت ، کە مانکانە ڕێکخراوەکەی مووچە لە فەرمانداریی [حکومەتی] بۆرجواکان وەردەگرێت یا نوێنەریان لە پارلەماندا ڕێز بۆ سەروەری یاساکان دادەنێت و سنوورەکانی سەروەری چینایەتی وەك مەجی بەهرەمەندبوون لەو کورسییە خوێناوییە دەپارێزێت ، ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییەکانی وەك یەکێتییە زەردەکانی دەسەڵات ، پاشکۆی فەرمانەکانی نێوەندی پارت و لیدەرەکانی پارتن، بۆ چارەسەری کرفتە ڕۆژانەییەکان، دەگەڕێنەوە نێو پەرتووکە زەردهەڵگەڕانەوەکان و لە مۆزەخانەکانی سەدەی هەژدەدا بۆ وێناکردنی کەتواری ئەم ڕۆژگارە دەگەڕێن، دەرککردنی بۆ ئەوان ئاسان و گونجاو نییە. چونکە بۆ ئەوان لە دەرەوەی دیوارەکانی پارت و پارلەمان و فەرمانداری و دەوڵەت و دەقە

سواوەکان، دونیای کەتواریی نابینێت.

ئەنارکیستەکان قسە لە پەروەردەبوونی توخمی شۆڕشگێرانە لە ەەناوی خەباتی ڕۆژانەدا دەکەن، ئەوان وەك پەیامبەر و ئاییندارە لە ئاسمانەوە فتوای خەبات نادەن، ئەوان، ەو باوەڕەدان چ خۆیان و چ ەەسانی نائەنارکسیتیش تەنیا لە ڕەوتی خەباتی نەپساوەی ڕۆژانەی چین و توێژە بندەستەکاندا هوشیارییان پەرەدەستێنێت و هوشیاریی مرۆڤ بەرهەمی کارلێکی ماددیانەی خۆی و دەروبەرەکەیەتی. کرێکارێك تا دەست بۆ مانگرتن و داخوازی نەبات، دوژمنایەتی خۆی و خاوەندکارەکەی وەك ئەوەی هەیە ناناسێت، تا کاتێك مانگرتنی گشتی و بەردەوام ەبێت، ئەندامانی کۆمەڵگە چینایەتیبوونی دەسەڵات و فەرمانداریی و پارلەمان و دەوڵەتەکانیان هەستپێناکەن، تا کاتێك کە تاکێك خۆی بە خۆبیرکردنەوە و خۆبڕیاردان و خۆجێبەجێکردن و خۆلێپرسراوەتی هەنگاوەنێت ، هەست بە ستەمکاری و مشەخۆری و ناپێویستیی ڕابەران و سەرانی بڕیاردەری نێو ڕێکخراوە بەناو جەماوەرییەکانی پاشکۆی پارت و دەسەڵات ناکەن.

تاکی ئازادیخواز لەسەر بنەمای ئەو خودهوشیارییەی، کە دەبێتە بەشێك لە بوون و لە هەڵوێستی و سەراپای بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران لە مێشکیدا دەسرێتەوە و بە گوێرەی ئەوە ئازادی لە ناخیدا سەرهەڵدەداتەوە [سەرهەڵدەداتەوە ، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە لەدایکبووندا بە سروشت ئازادە و ئەوە ڕێساکانی کولتوور و یاساکانی سیستەمی ڕامیارین ، کە ملکەچیدەکەن]، ئیدی ئەستەمە بتوانێت ەەس بکاتە شوانەی خۆی یا ڕێگە بەخۆی بدات ببێتە شوانەی ەەسانی دیکە، بەو جۆرە بۆ ئەو ئەستەم دەبێت ، کە بە ڕیکلامەکانی هەڵبژاردن و بەڵێنەکانی سەرخەرمانی پارتەکان و بەهەشتە بەڵێندراوەکەی خەڵەتێنەوان و ڕابەرانی بوێخوات. ئا لەوێوە ، کە ئەنارکیەکان قسە لە دەرنابێتبیسەرەوەر و نافەرمانداریی و نادەوڵەتیی دەکەن و لەسەر بنەمای هاتنەمەیدانی ئەو تاکە خودهوشیارانە و یەکگرتنەوەیان لە یەکێتی خەباتی جەماوەریی و کۆمەڵایەتییدا ، وێنای کۆمەڵگەی ناچینایەتی بێسەروەر دەکەن ، نەك حەز و خەیاڵی دابڕاو. هەروەها ڕێکەوتنی ئازادانەی کۆمەڵایەتیی دەکەنە بنەمای پێکەوەژیان و کۆمەڵ نەك دەوڵەت وەك سەپێنەری سیستەمی ڕامیاریی و هەڵوەشێنەرەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان.

کاتێك کە تۆ بڕوات بە توانا و ویستی سەربەخۆی تاکەکان هەبوو و هەموو گۆڕانێکت لە بوون و نەبوونی ئەو ئامادەییە خودهوشیارییەدا بینی ، ئیدی خۆبەخۆ کار و چالاکیشت بەو ئاراستە دەبن و یەکگرتنەوەشت لەتەك هەر تاك و گروپێکیشدا لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت. کاتێك کە بزووتنەوەیەك بەو ئاراستە بوونی هەبێت ، بەدڵنیاییەوە گۆڕانەکان ناتوانن لە دەرەوەی ویستی تاکە ژێردەستە شۆڕشگێڕەکانە ڕووبدەن و سەراپا بەشێك نابن لە سیناریۆ بێئەژمارەکانی دەوڵەت و پارت و دەستەبژێرە دەسەڵاتخواز و بەرتەریخوازەکان. بەواتایەکی دیکە مێژووی گۆڕانەکان ، پراکتیکی تاکە هوشیارەکان [چ دژە دەسەڵاتەکان ، چ دەسەڵاتخوازەکان] دەینووسێتەوە و لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا هیچ مێژوویەك بەبێ ئەو دوو کاراکتەرە بوونی نییە ، بۆ نموونە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا و پاش سەوکەتنی ڕاپەڕینەکە ، مێژوو بەم جۆرە ڕەوتدەکات ؛ پێش ڕووخانی ئیمپراتۆری تزاریی و فەمانداریی کاتیی ، ئەو مێژووە بریتییە لە ململانێی نێوان جەماوەر و ئیمپراتۆری ، پاش ئەوە بە ململانێی نێوان دژەدەسەڵات و دەسەڵاتخوازەکان درێژەی دەبێت ، واتە شۆڕش و دژەشۆڕش ، کرۆنشتات دیاریکراوترین نموونەی ئەو ململانێییە!

لە بەرانبەر دەوڵەت و یاسا شمشێرییەکانی ، لە جیاتی فەرمانداری تاکپارتیی دیکتاتۆرییەتی پارت، ئەنارکییەکان کار و خەبات بۆ پێکهێنانی هەرەوەزییە ئازادەکان و یەکگرتنەوەی ئازادانەیان لەسەر بنەمای فیدرالیزمی ئەنارکی، دەکەن [لێرەدا مەبەست لە فیدرالیزمی سەروەرانە نییە ، کە بریتییە لە یەکگرتنی دەسەڵاتدار و دەوڵەتە ناوچەییەکان]. ئەناکییەکان باس لە گۆڕین و بنیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ ، باس لە خەبات و بڕیاردان لەلایەن خودی مرۆڤەکان [ تاکی توێژ و چینە بندەستەکان] دەکەن. ئەنارکییەکان ەو باوەڕەدان کە هیچ هێزێك ناتوانێت ڕزگارەری کۆمەڵگەیەکی دیکە بێت ، هیچ کەسێکیش ناتوانێت کەسێکی دیکە ئازادبکات. چونکە ئازادی لە ناخی مرۆڤەکانەوە سەرهەڵدەداتەوە، ە دەرەوە موتوربە ناکرێت ، ئازادی ڕەنگدانەوەی خۆهوشیاری تاکە، ڕەنگدانەوەی قاڵبوونی مرۆڤە لە ڕەوتی ئەزموونەکانیدا ، ئازادی دیارییەك نییە، تاکو پێشکەشبکرێت. جیاوازی مرۆڤی ئازادئەندێش و مرۆڤی پاشڕەو لەم کۆمەڵگەیەدا ئەوەیە، کە مرۆڤی ئازادئەندێش ناخی ئازادیستانێکی بێسنوورە و لە بەرامبەردا ناخی مرۆڤی پاشڕەو (ئیدی پاشڕەوی هەرچی بێت چ خوا و چ ڕابەر و چ باوك و چ خۆشەویست و چ پارت و چ پارلەمان و چ فیلۆسۆفان) زیندانێکی نیو میتر گۆشەیە، کە جوڵە و پشوو و ئارامی لێبڕیوە. تاکی کۆمەڵگەی سەرمایەداری جاری ئاوا هەیە، تەنیا یەك زیندان لە ناخیدا نییە، بەڵکو چەندین زیندان هاوکات لە نێو یەکدیدا لە ناخیدا دروستدەکرێن و خۆشی دەبێتە پاسەوانی بەخۆرایی هەموو زیندانەکان و ڕێگە لە هەر دەنگ و ئایدیایەك دەگرێت، کە بیەوێت پرسیار و گومان لەسەر ئایدیۆلۆجیاکانی دروستبکات.

لێرەدا بۆ ئەوەی وەڵامەکەی من نەبێتە بیرۆکەیەکی تەواو و بڕاوە ، منیش پرسیارێك ئاراستەی تۆ دەکەم و هیوادارم وەڵامەکەی لەنێوانمدا پەیوەندی و مشتومڕی گەرموگوڕتر دروستبکات ؛ ئایا ئازادبوون و ڕزگاکردنی تاك لەلایەن هێزی سەرووی خۆیەوە ؛ ئایا چەندین سەدە لە ئەزموونکردنی ڕابەرایەتییکردنی چەوساوان لەلایەن دەستەبژێریکەوە و دروستکردنی "کۆمەڵگەی ئازاد" بۆ ئەو چەوساوە پاشکۆ و داماو و دەستەمۆیە و پاشان توانەوەی پەشمەکییانەی ڕۆڵ و دەسەڵات [دەوڵەت]ی ئەو دەستەبژێرە ، ناکەتوارییە یا ئازادبوونەوەی ناخی تاك و خۆڕزگارکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی یەکێتی و هەرەوەزیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە ؟

## ئایا هۆمۆسێکسوێل و بیسێکسوێلەکان لەنێو ئێوەدا جێگەیان دەبێتەوە؟

ئەگەر مەبەستت لە "لەنێو ئێوەدا" گروپە پاگەندەییە ئەنارکییەکان بن ، ئەوا بەشداران لەو گروپانەدا تەنیا هاوئامانجی و هاوهزریی کۆیاندەکانەوە. نەتەوە و ئایین و ڕەنگی پێشت و ڕەگەز و جیاوازی ئارەزووی سێکسیی و چێژی خواردن و جوانیناسی هونەریی و کولتوور هیچ ڕۆڵێکیان لە پێکەوەکارکردنی بەشداربوواندا نییە. لەوەش واوەتر ئاراستەیەك لەنێو ئەنارکیستەکاندا بە ئەنارکۆ- بیێکسوال یا هۆموسێکسواڵ ناسراوە و سیمولەکەیان ئاڵای ڕەش و ئاڵ یا پەمەییە.

بەڵام پێویستە ئەوە ڕۆشبێتەوە ، کە ئەنارکیەکان بەو ڕادەیەی کە پێداگریی لەسەر ئازادی هەوەس و ئارەزووی سێکسیی هاوسێکسگەرا [هۆمۆسێکسوالەکان] و دووەدکیان [بیێکسوالەکان] دەکەن ، لەو ڕادە زیاتر دژایەتی ئەو هاوسێکسگەرا و دووەدکیخوازانە دەکەن ، کە کەسانی دیکە ناچار بە ملدان بە حەز و هەوەسیان دەکەن ، بەتایبەت ئەتکی منداڵان ، کە بەداخەوە لە زۆر وڵاتدا لە نێوانیاندا لە پارچەکانی کوردستان و هەرێمی کوردستان بەدیاریکراوی ، منداڵبازیی و توندوتیژی سێکسی و ئەتککردن لەژێر پەردەی هاوسێکسگەراییدا شادراوەتەوە و خەریکە کەسانێك بەناوی ئازادی حەزی سێکسییەوە ، پشتیوانی و داکۆکی لە کەسانێك دەکەن ، کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکان و شوێنەکانی کاری منداڵان و فێرگەکاندا ، ئەتکی سێکسی منداڵان دەکەن. ئەمە زۆر مەترسیدارە و هیچ جیاوازی لەتەك ئەو توندوتیژییەدا نەبینرێت ، کە لەم ڕۆژگارەدا لە کۆمەڵگەکەماندا بەرامبەر خودی هاوسێکسگەراکان دەکرێت.

لەبەرئەوە ، هەربەرجۆرەی کە ئەرکی ئازادیخوازانەمانە ، پشتیوانی لە هاوسێکسگەرا و دووەدکی و فرەدەکیخوازیی کەسانی سەروو ١٨ ساڵ بکەین و پشتیوانی لە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوە مافخوازانەکانیان بکەین ، دەبێت جڵ لەوە زیاتر ئەرکی سەرشانمانە دژایەتی ئەتککردنی سێکسیی منداڵان و کەمئەندامان ، ئاژەڵان بکەین و لە پێناوەدا بۆ ، نگربر ڕێلەوەی ... ئاژەڵبە ... ڕێکخراوەی چەماوەرییەکانی خەباتکارانە بێکبهێنین.
... ڕێرپێستە زۆر ڕاشکاوانە ئازادی سێکسیی لەتەك ئەتك و توندوتیژی سێکسیی جیابکەینەوە و هەڵوێستگیریی ئاشکرا و ڕۆشنمان بەرامبەر و بۆ هەر یەکەیان هەبێت.

بەڵێ ، بەو جۆرە هەموو کەسێك ، کە بۆ بژێوی ژیان و بۆ تێرکردنی ئارەزوو و هەوەسی خۆی ، کەسانی دیکە ناچار و ملکەچ و ئەتکنەکات و مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەژاد و ئایین و ڕەنگی پێست و ئارەزووی سێکسیی و زمان و پۆشاك شێوەی ژیان هەڵاوێرنەکات و خوازیاری کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بێسەروەربێت ، دەرگەی هەموو گروپێکی ئەنارکی بەڕوویدا کراوەیە.

## چۆن دەڕوانە ئەو دیاردەیە هۆمۆسێکسوێل ، هەڵوێستتان چییە ، ئایا ئەو ئازادییەیان پێ ڕەوا دەبینن ؟

بەداخەوە زۆر جار ئەم پرسیارانە لەبەر هەستیاریی کولتوریی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو پرسانە دینە پیشەوە و زۆرجاریش دەکرێنە ئامرازی وروژاندنی خۆشباوەڕیی خەڵك و شێواندنی ڕاستی. بەبۆچوونی من هەر ئاوا من و بەڕێزت و کەسانی دیکە حەزمان بە جۆرێك لە پەیوەندی سێکسی دیاریکراو [ژن لەتەك پیاو / پیاو لەتەك ژن] هەیە و ئەو مافە بەخۆمان ڕەوادەبینین ، هەر ئاواش کەسانی سێکسگەرا یا هۆمۆسێکسوێل مافی خۆیانە و کەس بۆی نییە ، ئەوەیان بۆ دیاریبکات ؛ کامە شێوە لە پەیوەندی دروستە و کامە نادروستە ، کامە ڕەوایە و کامە ناڕوایە. هەروەها هەر ئاوا بۆ پیاوێك یا ژنێکی سەروو ١٨ ساڵ نییە لەتەك منداڵێکی کوڕ یا کچ پەیوەندی سێکسی بگرێت ، هەر ئاواش نابێت کەسانی هاوسێکسگەرا یا فرەجۆرسێکسگەرا لەتەك منداڵان پەیوەندی سێکسی بگرن، هەر ئاوا دژی پەیوەندی زۆرەملێیانەی ژن یا پیاوێکم لەتەك ژن یا پیاوێك ، هەر ئاواش دژی پەیوەندی زۆرەملێیانەی سێکسگەرایێکم دژی سێکسگەرایێك یا هەر کەسێکی دیکە ، بەڵام من کوێخای کەس نیم و بۆ من نییە بە هیچ کەسێك بڵێم ؛ تۆ ئەوە بکە و ئەوە مەکە ، ئەوە ڕەوایە و ئەوە ناڕەوایە ، ئەو مافتە و ئەو مافەت نییە!

بە بۆچوونی من، ئارەزوو و حەزی سێکسی شتگەلی تایبەتی و کەسیین و تەنیا پەیوەندییان بەو کەسەوە هەیە ، کە بە کردن یا نەکردنی هەڵدەستێت. بۆیە لای من هەموو پەیوەندییەکی سێکسی تا ئەو ڕادەیەی کە نەبێتە هۆی ناچارکردن و چەپاندنی ئارەزوو و حەزی کەسانی دیکە، دروست و ڕەوایە، هەر ئاوا کە بار یا جۆری پەیوەندیە سێکسییە باو و دانپێدانراوە کولتورییەکە ڕەوادەبینرێت ، واتە ئەوەی کە پێیدەگوترێت پەیوەندی سێکسی ڕاستەوانە؛ پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاوی پشتبەستوو بە ڕەوایەتی کولتووری. بەڵام لێرەدا زۆر بەپێویستی دەزانم بە پێچەوانەی ئەو کەس و گروپ و لایەنانەی کە بە پاگەندەی بەکسانیی هەمووان ، تەنیا بە خاتری بەدەستهێنانی دەنگ و لایەنگیری کەسانی ژێر فشاری کولتووری و سێکسی ، پاگەندە دەکەن و هیچ ئاوڕ لە ڕەهەندە نیگەتیڤەکانی پاگەندەکانیان کە دۆ و دۆشاو تێکەڵدەکەن نادەنەوە، ئەوە دەستنیشانبکەم و ڕاستیبکەمەوە ، کە منداڵبازی یەکسان نییە بە ئازادی پەیوەندیە سکسییەکانی وەك سێکسگەرایی و فرەڕەگەزبازی ، کە لە وڵاتانی خۆراوا پاش خەبات و قوربانیدانێکی زۆر ئەو ئازادییانەیان بەدەستهێناون. ئازادی سێکسیی تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە سێکسگەراییەك کە لە کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە ، لەژێر فشار و چەپاندنی سێکسیدا لاوان تووشی منداڵبازی دەبن.

هەڵبەتە من نامەوێت بڕیاری سزاواری بەسەر کەسدا بدەم، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم لە پێش منداڵبازانەوە خودی کۆمەڵگە و دەسەڵاتە کولتووری و ڕامیارییەکەی، دنەدەری ئەو تاوانەن بەرانبەر منداڵان. چونکە لەلایەك لەبەر دابیننەبوونی بژێو و خەرجی ژیان و خوێندنی منداڵان ، منداڵان بەهۆی کارەوە ناچار بە ملدان و تێکەڵبوون بە منداڵئەتککەران دەبن و دەکرێن، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی پەروەردەی دروستی سێکسیی لاوان و هەبوونی بۆشایی لە ژیانی سێکسی لاواند ئەو بارە ناتەندروستە سێکسییە دروستدەبێت. لێرەدا نامەوێت بڵێم ئەگەر ئازادی سێکسی هەبێت ئیدی لادان و نادروستیی ئارەزووی سێکسی لای لاوان دروستنابێت ، لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا'ش کە ئازادی سێکسی هەیە ، هەم یانەی سێکسفرۆشی و هەم پەلاماردانی سێکسی بۆ سەر منداڵان هەیە ، بەڵام بە ڕادەیەی وڵاتانی دیکە نییە و لە دەرکەوتنی ئەو بارەدا منداڵە ئەتککراو و هەراسانکراو و پەلاماردراوەکە ، وەك تاوانبار سەیرناکرێت بەڵکو وەك قوربانی کار لەسەر دروستکردنەوەی باری دەروونی متمانە بەخۆبوونی دەکرێت.

لەم بارەوە دەبێت ئەوەش بڵێم ، کە بەداخەوە لە پەیڕە و پرۆگرامی ئەو نێوەند و گروپانەدا ، کە بەناوی سێکسگەرایانی کورد و کوردستانەوە دروستبوون، سەرنجی ئەم لایەنە گرنگەی پرسەکە نەدراوە و گرنگیان بەوە نەداوە و ڕەتیانەکردووەتەوە و سنووربەندی نێوان خۆیان وەك کەسانی سەروو ١٨ ساڵ و ئازاد لە پەیوەندی سێکسی ، لەتەك منداڵبازانێك دیارنیاکەن، کە لەم ڕۆژگارەدا لە دیاردەی تاك و تەراوە بوونەتە دیاردەیەکی باندیانەی دەڵاڵانی نێو شارەکان. ئەمە جێگەی نیگەرانییە و مژدەدەری داهاتوویەکی ئازاد و مافی ڕەوا بۆ سێکسگەرایان نییە ، بەڵکو وەك هەموو گۆڕانە ڕواڵەتییەکانی دیکە لە

ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکدا ، ڕەنگدانەوەی یاسای کڕین و فرۆشتن و ملکەچی بێدەسەڵات بۆ دەسەڵاتدار ( چ دەسەڵاتداری ئابووری و ڕامیاریی ، چ ڕەگەزیی) لەسەر دەبێت. بە بۆچوونی من ، ئەم نادەربەسییە تەنیا شایانی ئەفسووس نییە ، بەڵکو شایانی ڕەخنەی پەیگیر و کارا و ڕوخێنەرانەشە ، کە هەر یەك لەوانەی دەرکیدەکەن ، بەرانبەر ڕۆڵی دەربەستانەی خۆیان لێپرسراویاندەکات.

## ڕای تۆ سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەیی و کەمپەینەکانی ڕاپرسی بۆ جیابوونەوە چییە ؟

ئەگەر بە دەستەواژەیەکی زۆر کورت وەڵامبدەمەوە ، ئەوا «دەوڵەتی نەتەوەیی» تەنیا درۆیەکی پیرۆزە و بەس! چونکە دەوڵەت لە خۆیدا ئامرازی بەزۆرڕاگرتن و سەرکوتی چین و توێژە بندەستەکانی کۆمەڵگەیە ، ئیدی ئەو دەوڵەتە هەر فۆرمێکی هەبێت ؛ مەزهەبی بێت یا سکیولار ، پارلەمانی (سەرمادارییی ئازاد) بێت یا تاکپارتیی (سەرمایەداریی دەوڵەتی) ، پاشایەتی بێت یا کۆماری ، هیچ لە کرۆکە چینایەتییەکەی ناگۆڕێت و هیچ لە ئەرك و پێناوی سەرهەڵدانەکەی ناگۆڕێت.

بە بۆچوونی من ، ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ شتێك کە لە کەتواردا بوونی نییە ، ئەویش "دەوڵەتی نەتەوەیی'یە ، هەڵبەتە لەبەرئەوە نا ، کە دەوڵەت بەو ناوەوە بوونی نییە. بەڵکو لەبەرئەوەی قەوارەیەك کە پێیدەوترێت «نەتەوە» و لەسەر بنەمای زمان هاوبەش ر پێکهاتەی کولتووری و سەرزەمینی نیشتەجێبوونی ئەو یەکە هاوزمانیی و هاوکولتوورییە پێکهاتووە ، خۆی لە خۆیدا ناکۆك و بێبنەمایە. لەبەرئەوەی قسەکەرانی یەك زمان و یەك پێکهاتەی کولتووریی بەپێی ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان لە چین و توێژی بەرژەوەندی جیاواز و ناکۆك بەیەك پێکهاتوون. کاتێك کە دەوڵەت ئامرازی دەستی چینێك بێت و پارێزەری سەروەریی هەندێك بەسەر هەندێکی دیکدا بێت ، ئیدی چۆن دەتوانین پاگەندەیەکی ئاوا بکەین ، کە دەوڵەت دەربڕی خواست و ویست و ئارەزووی هەموو کۆمەڵ "نەتەوە"یە. ئەمە بێجگە لەوەی کە میکانیزمەکانی کارکردن و پێکهاتن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیی ، نۆژەنکەرەوەی سەرکوت و نایەکسانی ئابووریی و دەسەڵاتیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و چرکردنەوەی نێوەندگەرایی و پێکهاتەی قووچکەییە ، هەروەها دەوڵەت وەك دەیبینین ، لەنێوبەری بڕوابەخۆبوون و خۆچالاکی و خۆبڕیاردان و سەربەخۆیی تاك و کۆمەڵە.

بۆ ئەوەی زیاتر نەچمە پای سەلماندنی ڕاستییەك ، کە هەموو تاکێك تەنیا بە وردبوونەوەیەکی چەند خولەکی لە ڕۆڵ و کارکردەکانی دەوڵەت ، دەتوانێت بەو سەرەنجامە بگات ، لێرەدا تەنیا لە خوێنەران دەخوازم لە دووی وەڵامی ئەم پرسیارانە بن ؛ ئەگەر دەوڵەت ئامرازی پاراستن و خزمەتکردنی هەموو تاکەکان و چین و توێژەکانی "نەتەوەیە"کە ، بۆچی کاتێك کە هەر ئەو تاك و چین و توێژانە دژی جەنگ دەڕژێنە نێو شەقامەکان ، پۆلیس و لەشکر و دەزگەکانی دەوڵەت بەر بەو ئازادییەی خەڵك دەگرن و سەرکوتدەکرێن؟ بۆچی کاتێك مانگرتنێك ڕوودەدات ، هەموو میدیاکان و دەسەڵات لەژێر دێوجامەی "بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی" دەکەونە دژایەتیکردنی؟ بۆچی هەموو تاکەکانی "نەتەوە" وەك یەك لە سامان و داهاتی سەرزەمینی "نەتەوە" بەهرەمەند نین؟ [ لێرەدا کورد و کوردستان دەکەمە نموونە ] بۆچی کوردانی هەڵهاتووی ئێران و تورکیە و سووریە ، ناتوانن وەك هەر تاکێکی یکەی باشووری کوردستان ژیانی ئاسایی بکەن و مافی هاوڵاتییان هەبێت و خزێنراونەتە ئوردوگە داخراوەکان یا وەك "بێگانە/ نانەتەوەییەك" ڕەفتاریان لەتەکدا دەکرێت؟ بۆچی هێندێك خاوەنی زەوی و خانوو و کرد و ارگە و بانکەکانی "نیشتمانی نەتەوەن" و زۆرینەیەکیش لەو "نیشتمانە نەتەوەیی"یەدا کرێچی و ماڵبەکۆڵ و ئوردووگەنشینن؟ بۆچی هەندێك سەروەر و زۆرینەش دەستبەسەرن؟ بۆچی کەمینەی سەرمایەدار و دەسەڵاتدار مافی هەموو بڕیاردانێکی هەیە و زۆرینەی نەدار و بێدەسەڵات دەبێت ملکەچ بێت ، ...تد !!!!!!

ئەگەر لەمانەش بگوزەێین ، ئەوا دیسانەوە ناتوانین دڕندەیی دەوڵەت و هۆکاربوونی دەوڵەتی بۆرجوازی " دەوڵەتی نەتەوەیی" لە دروستکردنی کینە و جەنگ و کوشتاری تاکەکانی کۆمەڵگە لەتەك دەرەوەی خۆیان و نێوەوەی خۆیان ، لەبەرچاو نەگرین! بۆ تێگەیشتن لەوە ، با هەر کەسە لەجێی خۆیەوە دوور لە کینەسازی ئیدیۆلۆگەکانی ناسیونالیسم ، لە ژیانی ڕۆژانەوە لە مێژووی تۆمارکراوی نێو یاداوەریی پیرەکانمانەوە سەرنجی ژیانی کۆمەڵگەکان بدەین ، بزانین لەکەیەوە مرۆڤەکان لەسەر پارچە پەڕۆیەکی پووچ (ئاڵا) و درۆی پیرۆزی "دەوڵەتی نەتەوەیی" خۆیان بەکوشتدەدەن و دەکوژرێن و پەلاماری خەڵکی دیکە دەدەن؟ لە کەیەوە لە کۆمەڵگەدا هاوسێ بووەتە دوژمنی هاوسێ و گوندێك دژی گوندێکی دیکە؟

لەوانە هەمووی گاڵتەجارتر ئەوەیە ، کە کۆمەڵێك دێن و بۆ ئەوەی دەوڵەت لە ژێر باری ڕەخنە و سەرنجی تاك ڕزگاربکەن ، دەکەونە پاگەندە و ڕازاندنەوەی دەوڵەت بە "سکیولار" و "نیشتمانی" و "مۆدێرن" و "لیبراڵ" و "سۆشیالیستی" و زۆر دەستەواژەی ناکۆك و نێوەڕۆکپووچی دیکە. لەوانەش گاڵتەجارانەتر ، ئەوەیە ، کە بڕوا بەخۆت بهێنیت ، کە دەوڵەت چارەسەری نادادوەریی و نایەکسانییەکە ، کە دەوڵەت بەخۆی وەك پێکهاتەیەکی قوچکەیی (هیراشییانە) ڕێکخەری پەیوەندی سەروەر و ژێردەستانەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە ، بەخۆی ئافەرێنەر و پارێزەری نایەکسانی نێوان تاکەکانی یەك کۆمەڵگە یا تاکەکانی کۆمەڵگەی داگیرکراو و ناکەکانی کۆمەڵگەیەکە ، کە خۆی بەناوییەوە قوتبووەتەوە. ئەگەر قسە لەسەر خودی دەوڵەت بەبێ پاشگری 'نەتەوە" بکەین ، ئەوا لە هەموو ئایدیا پرۆ-دەوڵەتییەکان پووچتر ئەوەیە ، کە پێتوابێت دەوڵەت لە خۆیەوە دەتوێتەوە یا جیاوازی چینایەتی لەنێوان نێوەڕۆکی دەوڵەتی "مەزهەبی" و "سێکیولار"دا هەیە ، یا ئەوەی پێتوابێت ئەگەر خۆت سەرۆکی فەرمانداریی دەوڵەتێك یا پارتەکەت فەرماندار بێت ، ئەوا نێوەڕۆکی دەوڵەت دەگۆڕێت و لە لەنێوبەری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییەوە دەبێتە ئامرازی دابینکردن و پاراستنی ئەو خەونانە ، وەك ئەو وڕێنانەی کە مارکسیست-لینینیستەکان پێش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەیانکردن و ا هەنووکە کۆمەڵێك پارت بەدەم ئەو وڕێنانەوە پاگەندەی خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دەکەن. لێرەدا تەنیا دەتوانین بڵێین هەڵەکردن و نەزانین ، گەمژەیی نییە ، بەڵکو دووبارە و هەزاربارەکردنەوەی هەڵەی پێشینان و هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری هەڵە و شکستەکان ، دەبەنگبوونە لە سنووربەندیی ئایدیالیزمی ئایدیۆلۆجیادا !".

دەوڵەتی بەنتجەوانەی خەونی تاك کۆمەڵگە داگیرکراوەکانەوە ، نە بەرەنجامی خەباتی ڕزگاری نیشتمانییە و نە درێژەی ئەو خەبانەیە ، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە لەباربەری خەونی ڕزگارییە ، کە تاکی کۆمەڵگەی داگیرکراو لە پاڵ وەدەرنانی دەوڵەتی داگیرکەردا ، کە خۆی لەخۆیدا خەونی ئازادی و

یەکسانی و دادپەروەریی هاندەرییەتی بۆ خەبات دژی دەوڵەتە داگیرکەرەکە و لە بەرانبەر ئەو خواستە سروشتییەدا دەوڵەتی جێگرەوەی دەوڵەتی داگیرکەر ، بە هەمان شێوە هەموو هێز و بۆ پاراستنی سەروەری چینایەتی و دارایی تایبەت و بەرتەری هەندێك بەسەر هەندێکی دیکەدا دام و دەزگەکانی دەخاتەگەر ، کە دەکاتە ژێردەستمانەوەی [کۆیلەمانەوەی] ژێردەستان و گۆڕانی سەروەرانی داگیرکەر بە سەروەرانی هاوزمان! ئێمەی تاکی کورد ئەگەر دوایین بینەری ئەو ڕاستییە نەبین ، ئەوا یەکەمین نین. بەچاوی خۆمان دیتمان کە چۆن دەزگە سەرکوتگەرەکان ڕێکخرانەوە ، چۆن بەکرێگیراوان و جەلادانی داگیرکەر کرانە "چەکداری شۆڕشگێڕ" و چۆن نایەکسانی چینایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا ، لە سایەی دەسەڵاتی بۆرجوازی کورددا لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠١٢ گەیێنراوەتە ئەوپەڕی ڕادە. ئەگەر کەسانێکی دیکە پەیدادەبن و وەك گلەیی لە فەرمانداریی ئێستا ، خەونی دەوڵەتێکی دیکە بەناوی "سێکیولاریست" و "سۆشیالیست" و "کرێکار"ەوە دەکەنە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەی ئێستا ، ئەوا دەتوانم بڵێم ، لە دەوڵەتەکانی ڕوسیا و خۆرهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمەریکای لاتین و ئەفەریکا، کە بەناوی "سۆشیالیزم" و "پرۆلیتاریا"وە پرۆلیتاریا و سۆشیالیستخوازەکانیان سەرکوتدەکرد، باشتر نابن و لە بەرانبەر "سێکیولاریزم"ەکەشیان ، لە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوینەوە بگرە تا ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستralیا،
دەتوانین نیشانیانبدەین ، بێجگە لە پێشینەی کوشتوبڕ و جینۆساید و دیکتاتۆری و جەنگە جیهانییەکان و بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمیایی و بایەلۆجی و لەسێدارەنانیان ، هەنووکەش نایەکسانی ئابووریی تیایاندا بوونێکی نکۆڵیهەڵنەگرە و دەزگەکانی دەوڵەتە "سێکیولاریستەکان" هەمان ئەرك و فەرمانی چینایەتی ئەنجامدەدەن ، کە دەزگەکانی دەوڵەتە دیکتاتۆریی و مەزهەبیەکانی ئەفگانستان و عیراق و ئێران و سعودیە و ..تد ئەنجامیاندەدەن ، نموونەی زیندووش لەو بارەوە ، بڕوانە سەرکوتی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی بریتانیا دەهەی هەشتای سەدەی رابوردوو ، سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی شیکاگۆی ئەمەریکا لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو و سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی دژی جیهانگیری سەرمایەداری و جەنگەکانی لە بالکان و خۆرهەڵاتی ناوین و.. تد لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا لە کیشوەرەکانی ئەوروپا و ئەمەریکای ژێر سایەی سەروەریی دیمۆکراسیی پارلەمانی و "دەوڵەتی نەتەوەیی" و "بەرژەوەندی نیشتمانی"!

****************************************************************

بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەم ، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN
بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY
بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If
بەشی چوارەم : http://wp.me/ppHbY-IH
بەشی پێنجەم : http://wp.me/ppHbY-IN
بەشی شەشەم : http://wp.me/ppHbY-Jg
بەشی حەوتەم : http://wp.me/ppHbY-Jo
بەشی هەشتەم : http://wp.me/ppHbY-Jv
بەشی نۆهەم : http://wp.me/ppHbY-JO

## nojenkirdnewey Wellamekan - 10

Eger pêmanwabêt, wellamekanîême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.

Hejên

Beşî dehem

Ştêk ke lay min pirsyar drustdekat, xeyallîbûnî aydyakantane, axir em dunyaye çon bebê desellat û rêkxistin berrêwe deçêt, aya bîrtan lew berberyete kruduwetewe ke le xyabî desellatda rû dedat ?

Ba le kotayî pirsyareketewe destipêbkem, bellê eger lem çirkeda û her em sate ke to pirsyart têda kirduwe, komellge be pêkhatekanî û mrove lexo namokanîyewe bigwêzîtewe komellgeyekî azad [enarkî], wêrane û bêserewbereyîyek rûdedat, her mepirse [bêserewbereyî

nek "berberyet"]. Înca ba kemêk leser em waje Şîrînkrawey demî çepekan buwestim, "berberîyet" ke wek çemk û wata kirwawete pêwerî drrindeyî; pêwerêkî zor stemkaraneye û serçaweyekî nejadperistaney heye, ke bekarberanî; ewrupîye balladestekan û pê Ş ewanîŞ xêlle balladestekan bo pesendî desellat û zoremlêyî û rewayetîdan be drrindayetî xoyan beramber berengarîy "berber"ekan, wek desellatî zall û dengî zall (ferhengî zall), lenêw zmanekanyanda be serî rmekanyan Şwênyankirduwetewe, herwek ewey ke le bîrkirdnewe û ferhengî faŞîste turkekanda berhellistkarîy kurdekan krawete sîmbulî kêwîybûn û nezanî û plexwarîyan le berawrid be turkizmanekan!

Azîzm, pêt çone kesêk bêt û le cyatî wajey namrovaney "berberyet", wajegelî "kurdyet" ya "markisyet" ya "îslamîyet" ya "pyawetîyet" û "jnayetîyet" bekarberêt? Beboçûnî min katî ewe hatuwe çepekan, kemêk lew wajane û destewajaney ke bûnete bnîŞtexoŞey nêw demyan, wirdibbnewe û mêŞkyan le teputozî pertûkxane û mozexanekanî ewrupa pakbkenewe. Debêt çî lewe stemkaranetir û drrindanetir bêt, ke mrovêk benawî azadîxwazî û soŞyalîstibûnewe bêt û bnêŞtî hellbzirkawî demî mrove balladeste drrindekanî 14 ta 20 sede pêŞtir bicwêtewe? Aya lew barewe hest be hawbeŞî lew tawane nejadperiŞtaneyey, ke beramber êtnîy "berber"ekan krawe û be sedekanda drêjbuwetewe, nakeyt? Aya her êsta û le dewrubermanda, le dunyay dîmokratî droyney nîolîbrallekanda, le dunyay krîste jin sutêner û milperrênekanda, le sayey peyamekanî yehûda û muhemed da, le mêjûy bzavî çekdarî kurdda, le mêjûy desellatdarî markisîstekanda, hezaran nmûney Şayiste û guncaw bo pêwerî drrindayetî ewperrî rade bedînakrên, ya eweta aydyolocya çawî kwêr û zmanî lall û gwêy kerr kirdûyn?

Înca ezîzm, ewendey min bzanim enarkîstekan bellênî serxerman û kulîçexwarn le asmanyan bekes nedawe û pêyanwanîye, eger desellat le destî ewanîŞda [enarkîyekanda] bêt, lewey êsta baŞtir bêt û herweha be boçûnî min, eger mrovekan bew deqgirtney êstawe, Şwaneyî xoyan bekesanî dîke [tenanet be xudî enarkîstekanîŞ] bispêrn, ewa nadadpewerî tozqallêk lewey êsta kemtir nabêt, [ herwek le raperrînî 1917î rusyeda, le raperrînî 1979î êranda dîtman], cêgrewekan stemkartir û drrendetir debin. EweŞ tenya leber yek hoy sade û aŞkra; desellat amrazî serkute nek amrazî bedîhênanî dadperwerî. Bo kesêk ke xoy be Şeyday dadperwerî, azadî, yeksanî bzanêt, ba le derwey desellat û le derewey aydyakanî desellatixwazîyewe bo ew amancane bgerrêt, be asanî lem selmêndrawane têdegat. Aya hezar û milyon bar bûneway ezmûnekanî bêhûdeyî gorrînî em raber bew raber, em Şêwe desellat bew Şêwe le desellatdarîy, em serkokomar bew serkkomar, em part bew part, bes nîn bo ewey tawêk le xoman û mêjû û bîrkirdneweman rabmênîn?

Wek gutim, ta ewende min bzanim û ta ewênderêŞ ke min bawerrm pêyyetî û boy deçim, enarkîstekan payekanî komellgey nwê le derûnî em komellgeyeda binyatdenên û pêyanwaye herwek payekanî sermayedarî û retkerewekanî fîodalîzm (derebegayetî) lenêw xudî derebegayetîda seryanhelldawe û pereyansendiwwe û Şeqyan be sîstemekey birduwe, retkerewe û wêrangerî em sîstemeŞ le henawî xoyda ledaykdebêt û pêwîste lem rojgareda payekanî robnirên. Her emeŞ enarkîyekan bew boçûne degeyênêt, ke rêkixrawe cemawerîye xebatkarekan [çi komîtey karxanekan, çi sovîyetekan, çi herewezîyekan, çi sendîka û yekêtîyekan, ewaney ke paŞkoy desellat û parte ramyarîyekan nîn û serbexoyî çînayetî û ramyarîy xoyan deparêzn] tenya amrazî bedestihênanî çend dolarêk krêy zyatir û kemkirdnewey çend xullkekêk [deqîqeyek] mawey kar nîn, bellku fêrgey huŞyarbûnewe û perwerdebûnî mrovî nwên, amrazî rêkxistinî komellgey nwên, her em roj û lenêw ew organaneda retkirdnewey sîstemî çînayetî hengawî bo denrêt û debête beŞêk le bîrkirdnewe û kar û çalakî jyanî rojaney endamekanî. Min dezanim derkî eme bo kesêk ke endamî rêkixrawêkî ramyarîy bêt, ke mangane rêkixrawekey mûçe le fermandarîy [hkumetî] borcwakan werdegrêt ya nwêneryan le parlemanda rêz bo serwerî yasakan dadenît û snûrekanî serwerî çînayetî wek mecî behremendibûn lew kursîye xwênawîye deparêzêt, rêkixrawe benaw cemawerîyekanî wek yekêtîye zerdekanî desellat, paŞkoy fermanekanî nêwendî part û lîderekanî partin, bo çareserî grifte rojaneyyekan, degerênewe nêw pertûke zerdhellgerranewekan û le mozexanekanî sedey hejdeda bo wênakirdnî ketwarî em rojgare degerrên, derkkirdnî bo ewan asan û guncaw nîye. Çunke bo ewan le derewey dîwarekanî part û parleman û fermandarî û dewllet û deqe swawekan, dunyay ketwarîy nabînêt.

Enarkîstekan qse le perwerdebûnî tuxmî ŞorrŞigêrane le eenawî xebatî rojaneda deken, ewan wek peyamber û ayîndare le asmanewe fitway xebat naden, ewan, lew bawerredan çi xoyan û çi kesanî naenarkisîtîŞ tenya le rewtî xebatî nepsawey rojaney çîn û twêje bindestekanda huŞyarîyan peredestênêt û huŞyarîy mrov berhemî karlêkî maddyaney xoy û deruberekeyetî. Krêkarêk ta dest bo mangirtin û daxwazî nebat, dujimnayetî xoy û xawendkarekey wek ewey heye nanasêt, ta katêk mangirtnî giŞtî û berdewam nebêt, endamanî komellge çînayetîbûnî desellat û fermandarîy û parleman û dewlletekanyan hestipênaken, ta katêk ke takêk xoy be xobîrkirdnewe û xobiryardan û xocêbecêkirdin û xolêprisrawetî hengawnenêt, hest be stemkarî û mŞexorî û napêwîstîy raberan û

seranî biryarderî nêw rêkixrawe benaw cemawerîyekanî paşkoy part û desellat naken.

Takî azadîxwaz leser bnemay ew xudhuşyarîyey, ke debête beşêk le bûn û le hellwêstî û serapay bîrkirdnewey desellatdaran le mêşkîda desrrêtewe û be gwêrey ewe azadî le naxîda serhelldedatewe [serhelldedatewe, leberewey mrov le ledaykbûnda be sruşt azade û ewe rêsakanî kultûr û yasakanî sîstemî ramyarîn, ke milkeçîdeken], îdî esteme bitwanêt kes bkate şwaney xoy ya rêge bexoy bdat bbête şwaney kesanî dîke, bew core bo ew estem debêt, ke be rîklamekanî hellbjardin û bellênekanî serxermanî partekan û beheşte bellêndirwawekey xobepêşrrewzan û raberzan frîwbixwat. A lêreweye, ke enarkîyekan qse le dunyay bêserwer û nafermandarîy û nadewlletîy deken û leser bnemay hatnemeydanî ew take xudhuşyarane û yekgirtneweyan le yekêtî xebatî cemawerîy û komelayetîyda, wênay komellgey naçînayetî bêserwer deken, nek hez û xeyallî dabrraw. Herweha rêkewtinî azadaney komellayetîy dekene bnemay pêkewejyan û komell nek dewllet wek sepênerî sîstemî ramyarîy û hellweşênerewey bnema komellayetîyekan.

Katêk ke to birrwat be twana û wîstî serbexoy takekan hebû û hemû goranêkt le bûn û nebûnî ew amadeyye xudhuşyarîyeda bînî, îdî xobexo kar û çalakîşt bew araste debin û yekgirtneweşt letek her tak û grupêkîşda leser ew bnemaye debêt. Katêk ke bzûtneweyek bew araste bûnî hebêt, bedillnyayyewe gorranekan natwanin le derewey wîstî take jêrdeste şorrşigêrrekane rûbden û serapa beşêk nabin le sînaryo bêejmarekanî dewllet û part û destebjêre desellatixwaz û berterîxwazekan. Bewatayekî dîke mêjûy gorranekan, praktîkî take huşyarekan [çi dje desellatekan , çi desellatixwazekan] deynûsêtewe û le komellgey çînayetîda hîç mêjûyyek bebê ew dû karaktere bûnî nîye, bo nmûne le raperrînî oktoberî 1917da û paş sewketnî raperrîneke, mêjû bem core rewtdekat; pêş rûxanî împratorî tzarîy û femandarîy katîy, ew mêjuwe brîtîye le mlimlanêy nêwan cemawer û împratorî, paş ewe be mlimlanêy nêwan djedesellat û desellatixwazekan drêjey debêt, wate şorrş û djeşorrş, krroniştat dyarîkrawtirîn nmûney ew mlimlanêyye!

Le beranber dewllet û yasa şimşêrîyekanî, le cyatî fermandarî takpartîy dîktatorîyetî part, enarkîyekan kar û xebat bo pêkhênanî herewezîye azadekan û yekgirtnewey azadaneyan leser bnemay fîdralîzmî enarkî, deken [lêreda mebest le fîdralîzmî serwerane nîye, ke brîtîye le yekgirtnî desellatdar û dewllete nawçeyyekan]. Enakîyekan bas le gorîn û binyatnanî komellgey nwê, bas le xebat û birryardan lelayen xudî mrovekan [ takî twêj û çîne bindestekan] deken. Enarkîyekan lew bawerredan ke hîç hêzêk natwanêt rizgargerî komellgeyekî dîke bêt, hîç kesêkîş natwanêt kesêkî dîke azadbkat. Çunke azadî le naxî mrovekanewe serhelldedatewe, le derewe muturbe nakrêt, azadî rengdanewey xohuşyarî take, rengdanewey qallbûnî mrove le rewtî ezmûnekanîda, azadî dyarîyek nîye, taku pêşkeşbikrêt. Cyawazî mrovî azadendêş û mrovî paşrrew lem komellgeyeda eweye, ke mrovî azadendêş naxî azadîstanêkî bêsnûre û le beramberda naxî mrovî paşrrew (îdî paşrrewî herçî bêt çi xwa û çi raber û çi bawk û çi xoşewîst û çi part û çi parleman û çi fîlosofan) zîndanêkî nîw mîtir goşeye, ke culle û pşû û aramî lêbrrîwe. Takî komellgey sermayedarî carî awa heye, tenya yek zîndan le naxîda nîye, bellku çendîn zîndan hawkat le nêw yekdîda le naxîda drustdekrên û xoşî debête pasewanî bexorayî hemû zîndanekan û rêge le her deng û aydyayek degrêt, ke byewêt pirsyar û guman leser aydyolocyakanî drustibkat.

Lêreda bo ewey wellamekey min nebête bîrokeyekî tewaw û brrawe, mnîş pirsyarêk arastey to dekem û hîwadarm wellamekey lenêwanimda peywendî û mişturnrrî germugurrtir drustibkat; aya azadbûn û rizgakirdnî tak lelayen hêzî serûy xoyewe; aya çendîn sede le ezmûnkirdnî raberayetîykirdnî çewsawan lelayen destebjêrêkewe û drustkirdnî "komellgey azad" bo ew çewsawe paşko û damaw û destemoye û paşan twanewey peşmekîyaney roll û desellat [dewllet]î ew destebjêre, naketwarîye ya azadbûnewey naxî tak û xorrizgarkirdin û binyatnanî komellge le rêgey yekêtî û herewezîy û şorrşî komellayetîyewe ?

## Aya homosêksiwêll û bîsêksiwêlekan lenêw êweda cêgeyan debêtewe?

Eger mebestit le "lenêw êweda" grupe pagendeyye enarkîyekan bin, ewa beşdaran lew grupaneda tenya hawamancî û hawhizrîy koyandekanewe. Netewe û ayîn û rengî pêşt û regez û cyawazî arezûy sêksîy û çêjî xwardin û cwanînasî hunerîy û kultûr hîç rollêkyan le pêkewekarkirdnî beşdarbuwanda nîye. Leweş wawetir arasteyek lenêw enarkîstekanda be enarko- byêkiswal ya homusêkiswall nasrawe û sîmullekeyan allay reş û all ya pemeyye.

Bellam pêwîste ewe roşbêtewe, ke enarkîyekan bew radeyey ke pêdagrîy leser azadî hewes û arezûy sêksîy hawsêkisgera

[homosêkiswalekan] û dûdekyan [byêkiswalekan] deken, lew rade zyatir djayetî ew hawsêkisgera û dûdekîxwazane deken, ke kesanî dîke naçar be mildan be hez û hewesyan deken, betaybet etkî mindallan, ke bedaxewe le zor wllatda le nêwanyanda le parçekanî kurdistan û herêmî kurdistan bedyarîkrawî, mindallbazîy û tundutîjî sêksî û etkkirdin lejêr perdey hawsêkisgerayîda ȿadrawetewe û xerîke kesanêk benawî azadî hezî sêksîyewe, piȿtîwanî û dakokî le kesanêk deken, ke le gerreke hejarinȿînekan û ȿwênekanî karî mindallan û fêrgekanda, etkî sêksî mindallan deken. Eme zor metrisîdare û hîç cyawazî letek ew tundutîjîyeda nebînrêt, ke lem rojgareda le komellgekemanda berambêr xudî hawsêkisgerakan dekrêt.

Leberewe, her bew corey ke erkî azadîxwazanemane, piȿtîwanî le hawsêkisgera û dûdekî û fredekîxwazîy kesanî serû 18 sall bkeyn û piȿtîwanî le rêkxistin û rêkixrawe mafixwazanekanyan bkeyn, deyan car lewe zyatir erkî serȿanmane djayetî etkkirdnî sêksîy mindallan û kemendaman û ajellan bkeyn û lew pênaweda û bo rêgrîy lew dyarde dje mroyî û dje ajellîye, rêkixrawey cemawerîy xebatkarane pêkbihênîn. Pêwîste zor raȿkawane azadî sêksîy letek etk û tundutîjî sêksîy cyabkeynewe û hellwêstigîrîy aȿkra û roȿinman berambêr û bo her yekeyan hebêt.

Bellê, bew core hemû kesêk, ke bo bjêwî jyan û bo têrkirdnî arezû û hewesî xoy, kesanî dîke naçar û milkeç û etknekat û mrovekan leser bnemay regez û nejad û ayîn û rengî pêst û arezûy sêksîy û zman û poȿak ȿêwey jyan hellawêrnekat û xwazyarî komellgeyekî naçînayetî bêserwerbêt, dergey hemû grupêkî enarkî berrûyda kraweye.

## Çon derwane ew dyardeye homosêksiwêl, hellwêsttan çîye, aya ew azadîyeyan pê rewa debînin?

Bedaxewe zor car em pirsyarane leber hestyarîy kulturîy komellge berambêr ew pirsane dîne pîȿewe û zorcarîȿ dekrêne amrazî wrujandinî xoȿbawerrîy xellk û ȿêwandinî rastî. Beboçûnî min her awa min û berrêzt û kesanî dîke hezman be corêk le peywendî sêksî dyarîkraw [jin letek pyaw / pyaw letek jin] heye û ew mafe bexoman rewadebînîn, her awaȿ kesanî sêkisgera ya homosêksiwêl mafî xoyane û kes boy nîye, eweyan bo dyarîbkat; kame ȿêwe le peywendî druste û kame nadruste, kame rewaye û kame narrwaye. Herweha her awa bo pyawêk ya jnêkî serû 18 sall nîye letek mindallêkî kurr ya kiç peywendî sêksî bigrêt, her awaȿ nabêt kesanî hawsêkisgera ya frecorsêkisgera letek mindallan peywendî sêksî bigrin, her awa djî peywendî zoremlêyaney jin ya pyawêkim letek jin ya pyawêk, her awaȿ djî peywendî zoremlêyaney sêkisgeraêkim djî sêkisgeraêk ya her kesêkî dîke, bellam min kwêxay kes nîm û bo min nîye be hîç kesêk bllêm; to ewe bke û ewe meke, ewe rewaye û ewe narrewaye, ew mafte û ew mafet nîye!

Be boçûnî min, arezû û hezî sêksî ȿitgelî taybetî û kesîyn û tenya peywendîyan bew kesewe heye, ke be kirdin ya nekirdnî helldestêt. Boye lay min hemû peywendîyekî sêksî ta ew radeyey ke nebête hoy naçarkirdin û çepandinî arezû û hezî kesanî dîke, drust û rewaye, her awa ke bar ya corî peywendîye sêksîye baw û danpêdanrawe kulturîyeke rewadebînrêt, wate ewey ke pêydegutrêt peywendî sêksî rastewane; peywendî sêksî nêwan jin û pyawî piȿtbestû be rewayetî kultûrî. Bellam lêreda zor bepêwîstî dezanim be pêçewaney ew kes û grup û layenaney ke be pagendey yeksanîy hemuwan, tenya be xatrî bedestihênanî deng û layengîrî kesanî jêr fȿarî kultûrî û sêksî, pagende deken û hîç awrr le rehende nîgetîvekanî pagendekanyan ke do û doȿaw têkelldeken nadenewe, ewe destinîȿanbkem û rastîbkemewe, ke mindallbazî yeksan nîye be azadî peywendîye siksîyekanî wek sêkisgerayî û frerregezbazî, ke le wllatanî xorawa paȿ xebat û qurbanîdanêkî zor ew azadîyaneyan bedestihênawn. Azadî sêksîy tewaw pêçewane û cyawaze le sêkisgerayyek ke le kurdistan û wllatanî nawçeke, lejêr fȿar û çepandinî sêksîda lawan tûȿî mindallbazî debin.

Hellbete min namewêt birryarî szawarî beser kesda bdem, bellam debêt ewe bllêm le pêȿ mindallbazanewe xudî komellge û desellate kultûrî û ramyarîyekey, dnederî ew tawanen beranber mindallan. Çunke lelayek leber dabînnebûnî bjêw û xercî jyan û xwêndinî mindallan, mindallan behoy karewe naçar be mildan û têkellbûn be mindalletkkeran debin û dekrên, lelayekî dîkewe behoy nebûnî perwerdey drustî sêksîy lawan û hebûnî boȿayî le jyanî sêksî lawanda ew bare natendruste sêksîye drustdebêt. Lêreda namewêt bllîm eger azadî sêksî hebêt îdî ladan û nadrustîy arezûy sêksî lay lawan drustnabêt, le ewrupa û emerîka û ustralya'ȿi ke azadî sêksî heye, hem yaney sêksifroȿî û hem pelamardanî sêksî bo ser mindallan heye, bellam be radeyey wllatanî dîke nîye û le derkewtinî ew bareda mindalle etkikraw û herasankraw û pelamardraweke, wek tawanbar seyirnakrêt bellku wek qurbanî kar leser drustkirdnewey barî derûnî mitmane bexobûnî dekrêt.

Lem barewe debêt eweŞ bllêm, ke bedaxewe le peyrre û programî ew nêwend û grupaneda, ke benawî sêkisgerayanî kurd û kurdistanewe drustibûn, sernicî em layene gringey pirseke nedrawe û gringyan bewe nedawe û retyannekirduwetewe û snûrbendî nêwan xoyan wek kesanî serû 18 sall û azad le peywendî sêksî, letek mindallbazanêk dyarînaken, ke lem rojgareda le dyardey tak û terawe bûnete dyardeyekî bandyaney dellallanî nêw Şarekan. Eme cêgey nîgeranîye û mijdederî dahatûyekî azad û mafî rewa bo sêkisgerayan nîye, bellku wek hemû gorrane rwalletîyekanî dîke le jyanî komellayetî xellkda, rengdanewey yasay krrîn û froŞtin û milkeçî bêdesellat bo desellatdar ( çi desellatdarî abûrî û ramyarîy, çi regezîy) leser debêt. Be boçûnî min, em naderbesîye tenya Şayanî efsûs nîye, bellku Şayanî rexney peygîr û kara û ruxêneraneŞe, ke her yek lewaney derkîdeken, beranber rollî derbestaney xoyan lêprisrawyandekat.

Ray to sebaret be dewlletî neteweyî û kempeynekanî raprisî bo cyabûnewe çîye?

Eger be destewajeyekî zor kurt wellambdemewe, ewa "dewlletî neteweyî" tenya droyekî pîroze û bes! Çunke dewllet le xoyda amrazî bezorrragirtin û serkutî çîn û twêje bindestekanî komellgeye, îdî ew dewllete her formêkî hebêt; mezhebî bêt ya skîwlar , parlemanî (sermadarîy azad) bêt ya takpartîy (sermayedarîy dewlletî), paŞayetî bêt ya komarî, hîç le krroke çînayetîyekey nagorrêt û hîç le erk û pênawî serhelldanekey nagorrêt.

Be boçûnî min, ew destewajeye amajeye bo Ştêk ke le ketwarda bûnî nîye, ewîŞ "dewlletî neteweyî"ye, hellbete leberewe na, ke dewllet bew nawewe bûnî nîye. Bellku leberewey qewareyek ke pêydewtirêt "netewe" û leser bnemay zman hawbeŞ û pêkhatey kultûrî û serzemînî nîŞtecêbûnî ew yeke hawizmanîy û hawkultûrîye pêkhatuwe, xoy le xoyda nakok û bêbnemaye. Leberewey qsekeranî yek zman û yek pêkhatey kultûrîy bepêy rêwŞiwênî abûrîy û komellayetîyan le çîn û twêjî berjewendî cyawaz û nakok beyek pêkhatûn. Katêk ke dewllet amrazî destî çînêk bêt û parêzerî serwerîy hendêk beser hendêkî dîkda bêt, îdî çon detwanîn pagendeyekî awa bkeyn, ke dewllet derbrrî xwast û wîst û arezûy hemû komell "netewe"ye. Eme bêcge lewey ke mîkanîzmekanî karkirdin û pêkhatin û berrêwebirdnî dewlletîy, nojenkerewey serkut û nayeksanî abûrîy û desellatîy nêwan takekanî komell û çirkirdnewey nêwendgerayî û pêkhatey qûçkeyye, herweha dewllet wek deybînîn, lenêwberî birrwabexobûn û xoçalakî û xobirryardan û serbexoyî tak û komelle.

Bo ewey zyatir neçme pay selmandinî rastîyek, ke hemû takêk tenya be wirdbûneweyekî çend xulekî le roll û karkirdekanî dewllet, detwanêt bew serencame bgat, lêreda tenya le xwêneran dexwazm le dûy wellamî em pirsyarane bin; eger dewllet amrazî parrastin û xizmetkirdnî hemû takekan û çîn û twêjekanî "neteweye"ke, boçî katêk ke her ew tak û çîn û twêjane djî ceng derrjêne nêw Şeqamekan, polîs û leŞkir û dezgekanî dewllet ber bew azadîyey xellk degrin û serkutdekrên? Boçî katêk mangirtnêk rûdedat, hemû mîdyakan û desellat lejêr dêwcamey "berjewendî neteweyî û nîŞtmanî" dekewne djayetîkirdnî? Boçî hemû takekanî "netewe" wek yek le saman û dahatî serzemînî "netewe" behremend nîn? [ Lêreda kurd û kurdistan dekeme nmûne] boçî kurdanî hellhatûy êran û turkye û sûrye, natwanin wek her takêkî dîkey baŞûrî kurdistan jyanî asayî bken û mafî hawllatîyan hebêt û xzênrawnete urduge daxrawekan ya wek "bêgane/ naneteweyyek" reftaryan letekda dekrêt? Boçî hêndêk xawenî zewî û xanû û gird û karge û bankekanî "nîŞtmanî netewen" û zorîneyekîŞ lew "nîŞtmane neteweyî"yeda krêçî û mallbekoll û urdûgenŞînin? Boçî hendêk serwer û zorîneŞ destbesern? Boçî kemîney sermayedar û desellatdar mafî hemû birryardanêkî heye û zorîney nedar û bêdesellat debêt milkeç yêt, ...tid ??????

Eger lemaneŞ bguzeêyn, ewa dîsanewe natwanîn drrindeyî dewllet û hokarbûnî dewlletî borcwazî " dewlletî neteweyî" le drustkirdnî kîne û ceng û kuŞtarî takekanî komellge letek derewey xoyan û nêwewey xoyan, leberçaw negrîn! Bo têgeyiŞtin lewe, ba her kese lecêy xoyewe dûr le kînesazî îdyologekanî nasîwnalîsm, le jyanî rojanewe le mêjûy tomarkrawî nêw yadawerîy pîrekanmanewe sernicî jyanî komellgekan bdeyn, bzanîn lekeyewe mrovekan leser parçe perroyekî pûç (alla) û droy pîrozî "dewlletî neteweyî" xoyan bekuŞtdeden û dekujrên û pelamarî xellkî dîke deden? Le keyewe le komellgeda hawsê buwete dujminî hawsê û gundêk djî gundêkî dîke?

Lewane hemûy galltecartir eweye, ke komellêk dên û bo ewey dewllet le jêr barî rexne û sernicî tak rizgarbken, dekewne pagende û razandnewey dewllet be "skîwlar" û "nîŞtmanî" û "modêrn" û "lîbrall" û "soŞyalîstî" û zor destewajey nakok û nêwerrokpûçî dîke. LewaneŞ galltecaranetir, eweye, ke birrwa bexot bhênît, ke dewllet çareserî nadadwerîy û nayeksanîyeke, ke dewllet bexoy wek pêkhateyekî quçkeyî (hîraŞîyane) rêkxerî peywendî serwer û jêrdestaney takekanî komellgeye, bexoy aferêner û parêzerî nayeksanî nêwan takekanî yek komellge ya takekanî komellgey dagîrkraw û takekanî komellgeyeke, ke xoy benawîyewe qutbuwetewe. Eger qse

leser xudî dewllet bebê paŞgirî "netewe" bkeyn, ewa le hemû aydya prro-dewlletîyekan pûçtir eweye, ke pêtwabêt dewllet le xoyewe detwêtewe ya cyawazî çînayetî lenêwan nêwerrokî dewlletî "mezhebî" û "sêkîwlar"da heye, ya ewey pêtwabêt eger xot serokî fermandarîy dewlletêk ya parteket fermandar bêt, ewa nêwerrokî dewllet degorrêt û le lenêwberî azadî û yeksanî û dadperwerîyy ewe debête amrazî dabînkirdin û parrastinî ew xewnane, wek ew wrrênaney ke markisîst-lênînîstekan pêŞ raperrînî oktoberî 1917 deyankirdin û a henûke komellêk part bedem ew wrrênanewe pagendey xebatkirdin bo bedîhênanî komellgey soŞyalîstî deken. Lêreda tenya detwanîn bllêyn hellekirdin û nezanîn, gemjeyî nîye, bellku dûbare û hezarbarekirdnewey helley pêŞînan û hewillnedan bo têgeyiŞtin le hokarî helle û Şkistekan, debengibûne le snûrbendîy aydyalîzmî aydyolocyada !".

Dewllet bepêçewaney xewnî takî komellge dagîrkrawekanewe, ne berencamî xebatî rizgarî nîŞtmanîye û ne drêjey ew xebateye, bellku tewaw bepêçewanewe lebarberî xewnî rizgarîyye, ke takî komellgey dagîrkraw le pall wedernanî dewlletî dagîrkerda, ke xoy lexoyda xewnî azadî û yeksanî û dadperwerîy handerîyetî bo xebat djî dewllete dagîrkereke û le beranber ew xwaste sruŞtîyeda dewlletî cêgrewey dewlletî dagîrker, be heman Şêwe hemû hêz û bo parrastinî serwerî çînayetî û darayî taybet û berterî hendêk beser hendêkî dîkeda dam û dezgekanî dexateger, ke dekate jêrdestmanewey [koylemanewey] jêrdestan û gorranî serweranî dagîrker be serweranî hawizman! Êmey takî kurd eger dwayîn bînerî ew rastîye nebîn, ewa yekemîn nîn. Beçawî xoman dîtman ke çon dezge serkutgerekan rêkixranewe, çon bekrêgîrawan û celadanî dagîrker krane "çekdarî ŞorrŞigêrr" û çon nayeksanî çînayetî lenêwan takekanî komellgey kurdistanda, le sayey desellatî borcwazî kurdda le sallî 1992 ta 2012 geyênrawete ewperrî rade. Eger kesanêkî dîke peydadebin û wek gleyî le fermandarîy êsta, xewnî dewlletêkî dîke benawî "sêkîwlarîst" û "soŞyalîst" û "krêkar"ewe dekene ellternatîvî ewey êsta, ewa detwanim bllêm, le dewlletekanî rusya û xorhellatî ewrupa û asya û emerîkay latîn û eferîka, ke benawî "soŞyalîzm" û "prrollîtarya"we prolîtarya û soŞyalîstixwazekanyan serkutdekrid, baŞtir nabin û le beranber "sêkîwlarîzm"ekeŞyan, le dewlletekanî xorhellatî nawînewe bigre ta ewrupa û emerîka û ustralya, detwanîn nîŞanyanbdeyn, bêcge le pêŞîney kuŞtubirr û cînosayd û dîktatorî û cenge cîhanîyekan û bombî etomî û çekî kîmyayî û bayelocî û lesêdarenanyan, henûkeŞ nayeksanî abûrîy tyayanda bûnêkî nkollîhellnegre û dezgekanî dewllete "sêkîwlarîstekan" heman erk û fermanî çînayetî encamdeden, ke dezgekanî dewllete dîktatorîy û mezhebyekanî efganistan û 'îraq û êran û s'udye û ..tid encamyandeden, nmûney zîndûŞ lew barewe, birrwanne serkutî mangirtin û xopîŞandanekanî brîtanya dehey heŞtay sedey raburdû, serkutî xopîŞandanekanî Şîkagoy emerîka le sallanî newedekanî sedey raburdû û serkutî xopîŞandanekanî djî cîhangîrî sermayedarî û cengekanî le balkan û xorhellatî nawîn û.. Tid le seretay hezarey sêyemda le kîŞwerekanî ewrupa û emerîkay jêr sayey serwerîy dêmokrasîy parlemanî û "dewlletî neteweyî" û "berjewendî nîŞtmanî" !

**********************************************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke

Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN
Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî sêyem : http://wp.me/ppHbY-If
Beşî çwarem: http://wp.me/ppHbY-IH
Beşî pêncem: http://wp.me/ppHbY-IK
Beşî şeşem:  http://wp.me/ppHbY-Jb
Beşî hewtem : http://wp.me/ppHbY-Jm
Beşî heştem : http://wp.me/ppHbY-Jt
Beşî nohem: http://wp.me/ppHbY-JM